# ژنان و پەروەردەی نیشتمانی

خەزان هەورامی

پەروەردەی ژنان پەروەردەیەکی هەستیار و گرنگە و ئەگەر لە سەر بنەما و شێوازی کلاسیک و تەنانەت ئایدۆلۆژیک ژنان بخرێنە بەر پرۆسە و پەروەردەی نیشتمانی، ئەوا سەر لە نویٚ، ئەکەونە نێو بازنەی پەروەردە و بیری پیاوسالاریی سەردەم. کاتێک باسی نیشتمان دێتە پێشەوە، باسەکە بە شێوەی خۆڕسک پیاوڕەهەندانە ئەبێتەوە چونکە نیشتمان بریتییە لە جوغرافیایەکی دیاریکراو کە لە سەر هەندێک بنەما و تایبەتمەندی وەک زمان، خاک، جوغرافیا، مێژوو، شانازییە مێژوویی و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و ... هتد چەقی بەستووە.

پەروەردەکـــردن و ڕاهێنان باســـێکی بەربڵاو و زانســـتییە و دەروونناســـان و ڕاوێژکارانی بنەماڵە و منـــداڵان بە بایـــەخ و گرنگییەوە ئەڕواننە ئەو بابەتـــە. هەر مرۆڤێک بە ڕادەی تێگەیشـــتن و پەروەردەبوونییەوە کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنیی بۆ ســـەر کۆمەڵگا و ژینگە هەیە. پـــەروەردە و ڕاهێنانەکان لە ڕابردوودا لـــە ژێـــر چەتـــری ئاییـــن و ئایدۆلۆژیاکاندا بەڕێوە دەچوون بەڵام لە سەردەمی ئێستەدا، ئایدۆلۆژیـــاکان دەوریـــان کـــەم بۆتـــەوە و پەروەردەکردن بەگشـــتی لە ژێر هێژموونیی ستاندارەدە جیهانییەکان و زانستەکاندا بەڕێوە دەچێ. لە وڵاتانی پێشـــکەوتوودا لە پرۆسەی پەروەردەدا هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی، ئایینی، شـــێوەزاری، دەروونـــی، تەمەنـــی و ... هتد ڕەچاو ئەکرێ و دەزگاکانی پەروەردە هەر لە پەروەردەی منداڵانەوە بگـــرە هەتا پەروەردە چەکدارییەکانی ئەرتەش و ... هتد بە شێوەی دیموکراتیک و مۆدێرن دیاریکراوە و دارێژراوە. پـــەروەردەی ناوخۆیی وڵاتـــان لە هەندێک باسی زانســـتیدا، هاوبەشی و لێکچوونی زۆرە بەڵام کە گەیشـــت بە پەروەردەی نیشتمانی، باســـەکە تا ڕادەیـــەک تایبەتـــی ئەبێتەوە. بەگشـــتی، پـــەروەردەی نیشـــتمانی لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشێکیان لەسەر بنەمای ستاندارەدە جیهانییەکانە و بەشەکەی دیکەش لە ســـەر کلتوور، نەریـــت، زمان و بایەخە فەرهەنگـــی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتە چەقی بەستووە.

## ژنان و پەروەردە

ســـەدەی بیســـتەم بۆ ژنان، ســـەدەی پڕ لە دەســـکەوت بوو. لەو ســـەدەیەدا بە هەوڵ و تێکۆشانی ژنان، زۆرێک لە تابۆکان شکێندران و ژنان لە ســـێ قۆناخ و شەپۆلی گەورەدا بە مافـــی ســـەرەتایی و بنەڕەتی گەیشـــتن. لە سەردەمی ڕابردوودا بزاڤی ژنان لە ژێر چەتری ئایدۆلۆژیاکانـــدا هەوڵیان بۆ پەروەردەکردن و ڕاهێنانی ژنان داوە. دەســـتپێکی ڕۆشنبیریی ژنان لە جیهاندا بەهۆی هێژموونیی ئایدۆلۆژیا، جوغرافیا و پێشکەوتنی وڵاتانەوە، کاریگەریی نەرێنیی لە سەر ژنان دانا و بەڕاستی زۆرێک لـــە هـــەڵاواردن و بۆشـــاییی چینایەتـــی و باڵادەستی و ژێردەســـتیی دنیای پیاوانە، بە شـــێوەی خۆرســـک گوازرایەوە بۆ ناو بەرەی ڕۆشنبیریی ژنان.

فێمێنیزمی مارکسی، فێمێنیزمی لیبراڵ، فێمێنیزمی دینی، فێمێنیزمی ڕەنگی (ڕەش، زەرد و سپی)، فێمێنیزمی جوو، فێمێنیزمی جیهانـــی ســـێهەم و ،،، هتـــد، نموونەی ئەو ڕەوتگەلە بوون کە لە نێو بزاوی فێمێنیستیدا درووســـت بووە. ژنـــان کە هەمـــوو بەتێکڕا دەردێکی هاوبەشـــیان هەیـــە، دەبوا لە کاتی گیروگرفت و کێشـــەکاندا دەستی یەکتریان بگرتایـــە؛ بەڵام بـــە پێچەوانـــە و بەداخەوە ئەوان بە ســـەر ئایدۆلۆژیـــا و حیزبە ناکۆک و دژبەیەکەکانـــدا دابـــەش بـــوون و لـــە ناو ویســـت و داخوازییەکانی دنیای پیاوسالاریدا توانەوە. بە خەسارناســـیی بزاڤی فێمێنیستی، ناکۆکی، دژایەتـــی و بەربەرەکانێکانی نێوان ڕەوتە فێمێنیستەکان دەرئەکەون. بۆ نموونە، هەر یەک لە ڕەوتـــەکان خوێندنەوەیەکی تا ڕادەیەک جیاوازی لەســـەر پرسی ژنان هەیە و لە سەر ئەو بنەمایەش پەروەردە و ڕاهێنان ســـەبارەت بە ژنان ئەنجام ئەدەن. دژایەتی و ناکۆکییەکانـــی نێوان ڕەوتەکان بە شـــێوەی ســـەرەکی بریتین لـــە: زۆربـــەی ڕەوتەکان ڕەخنەیان لە «فێمێنیزمی مارکســـی ئەوەیە کە ئەو ڕەوتە، سەبارەت بە ژنان، تەنیا لایەنی ئابووریی زەق و بەرجەستە کردۆتەوە و کەمتر ئاوڕی لە بوارەکانی دیکە داوەتەوە»( فرهنگ اصطلاحات فێمێنیستی). فێمێنیزمی ڕەنگی «باســـی هەڵاواردنەکانی نێـــوان فێمێنیزمی سپی سەبارەت بە ڕەشەکان (ڕەشپێستەکان) و زەرد پێستەکان ئەکات».(هەمان سەرچاوە) فێمێنیزمـــی جیهانی ســـێهەم ڕەخنەیان لە

فێمێنیزمی وڵاتانی پێشکەوتوو و ڕۆژئاوایی ئەوەیە کە «ئەوان خۆیان بە خوێندەوار، پێشەنگ، سەربەخۆ لە بڕیاردان و ... هتد ئەزانن و ژنانی جیهانی سێهەم بە نەخوێندەوار، بەستراوە و گیرۆدەی پیاو و بنەماڵە و منداڵ ئەزانن. هەر وەها وەک گەدا و شوێنکەوتوویی ڕێبازە فێمێنیستییەکانی ڕۆژئاوا حەسابیان بۆ دەکرێ».(هەمان سەرچاوە ) هەموو ڕەوتە فێمێنیستییەکان پێیان وایە کە «هەستێکی دژە سامی لە ناخی فێمێنیزمی یەهووددا (جوولەکەکاندا) خۆی حەشار داوە و بە جۆرێک ئەو ڕەوتە فێمێنیستییە ڕەگەزپەرەستە»( هەمان سەرچاوە) و ... . ئەوەی لێرەدا باس کرا، کورتە ئاوڕێکە لە ناکۆکی و دژایەتیی نێوان ڕەوتە فێمێنیستییەکان لە جیهاندا. ژنان لە جیهاندا بە شیوەی ناوبەناو و دوورگەیی (جزیرەای) کەم تا فرە مافی یاسایی و ئینسانیی خۆیانیان بەدەست هێناوە، بەڵام بەگشتی ژنان لە ژێر چەرخی تەکنۆلۆژی و ئایدۆلۆژیادا پێشێل ئەکرێن و هەم لە لایەن دەسەلاتی سیاسییەوە و هەم لە لایەن پێکهاتەی بنەماڵە و کۆمەڵگاوە دوو جار دەبنە قوربانی. پەروەردەی سەقەت لە ڕاستیدا دەتوانێت وەک هۆکارێک بۆ دواخستن و چەواشەکاریی مافەکانی ژنان لە قەڵەم بدەین. بۆ نموونە، پەروەردەیەک کە بە شێوەی فرە ڕەهەند لە ژێر ناوی مافی ژنان و ئازادیی تاکەکەسیدا بانگەشە بۆ ئارایشت و مۆد ئەکا. لەو کاتەدا بێجگە لەوەی هیچ مافێک بۆ ژنان دەستەبەر نابێ، بەڵکو بە شێوەی ئاشکرا و ڕەوا پۆل پۆل ژنان بۆ کۆیلەتی و دنیای پۆرن ڕادەکێشرێ. جا لەو دنیا ئاڵۆزەی فێمێنیزمدا کە چەواشەکاری لە تەشقی خۆیدایە، دەستی پیاوسالاری و نێرسالاری و ... پازڵەکانی ڕەوتی ژنانە جێبەجێ ئەکات. ئاخۆ ئێمەی کورد دەتوانین بە شەنوکەو کردنی ئەو ڕاستی و ناڕاستییانە حەقیقەتی مافی ئینسانی و ئیخلاقی بۆ ژنان دیاری و دەستەبەر بکەین؟؟

ئایا فێمێنیزمی کوردی بە هەموو ڕەوتەکانییەوە ئەتوانێ میکانیزم و نەخشەڕێگا بۆ پێناسەی مافی ئافرەت لە کوردستان و سروشتە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکەی دیاری بکات؟

واقیعی پەروەردەی ژنان: ڕێنسانس و پیشەسازی و بەگشتی تێکنۆلۆژی، هەر هەمووی لە سەر دەستی پیاوان ئەنجام دراوە و هەروەها پیاوان بە شێوەی مۆدێڕن دیاردەی پیاوسالاریان گوازتۆتەوە بۆ ناو دنیای پێشکەوتوو. بۆ نموونە لە بوارەکانی میعماری، هونەر، زانستی پزیشکی و ... هتددا بە شێوەی نهێنی و شاراوە، دیاردەی پیاوسالاری ئەبینرێ. ڕەخنەی فێمێنیستی سەبارەت بە بەرگیری لە منداڵبوون دەڵێ کە زانستی پزیشکی ئەگەر پیاوسالار نییە، بۆچی بۆ بەرگیری لە منداڵبوون سەبارەت بە پیاوان تەنیا یەک ڕێکاری بەرگیریی دیاری کراوە بەڵام سەبارەت بە ژنان دەیان ڕێکاری بەرگیری لە زاوزێ هەیە.

ژنان بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی، ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوەی دنیای نوێ و مۆدێرنی نەبووە و نییە و تەنانەت پیاوانیش لەو بوارەدا کێشەیان هەیە. ئامادەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، پێویستی بە ڕاهێنان و پەروەردە هەیە. پەروەردە و ڕاهێنان بۆ ژنی کورد جیاوازترە لە پەروەردەی ژنانی وڵاتانی دیکە. گەلی کورد هێشتا بە مافە سەرەتایی و نەتەوایەتییەکانی شاد نەبووە و هەر ئیستەش بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە خەباتی سەختدان. ژنی کورد لە ژێر باندۆری پەروەردەی دەسەڵاتەکانی تورک، فارس و عەرەب دایە. بەگشتی دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر کوردستاندا بۆ ئەوەی دان بە مافەکانی کورددا نەنێن، تەنانەت زۆرێک لە ماف و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان لە خۆیان گرتۆتەوە، واتە نەتەوە باڵادەستەکانی

کوردستان، تامی ئازادیی ڕاستەقینەیان نەچێشتووە. ئەو دیاردەیە لە ئێراندا لە تەشقی خۆیدایە. پەروەردە و ڕاهێنان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازیی هەیە. ئەگەر هەڵسەنگاندن و پێوەرێک بۆ دۆخی ژنان لە چوارپارچەی کوردستاندا دیاری کەین، دەبینین کە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە شێوەی سیستەماتیک چەوساوەترین پارچەی کوردستانە. ڕێژەی خۆکوشتن، دەستدرێژی، توندوتیژیی سێکسی، ماڵی، ڕۆحی، هەڵاتن، گیرۆدەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، لەشفرۆشی، تەڵاق و ... لە ڕۆژهەڵاتدا لە بەشەکانی تر زیاترە. لە کوردستانی خۆرهەڵات پەروەردە بەگشتی و بەتایبەتیی ژنان لە چوار وێژمانی سەرەکی واتە «دین» ، «دەسەڵاتی سیاسیی زاڵ»، «عورف و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان» و «ئەحزابی سیاسیی کوردستان»ەوە سەرچاوەی گرتوە. دیاردەی دین وەک وێژمانی سەرەکی و گشتگیر هەموو جمگەکانی کۆمەڵگای تەنیوەتەوە. بۆ نموونە سیکولارترین و چەپترین مرۆڤەکان لە کاتی هەستیاری وەک هاوسەرگیری پەنا دەبەنەوە بەر دین. سیستەمی سیاسی لە ڕێگای دەزگای ڕاهێنان و بارهێنان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، کاریگەریی خۆیان لە سەر پەروەردەکردنی ژنان داناوە. عورف و داب و نەریت بریتییە لەو ڕێورەسمگەلەی کە پێوەندییان بە دین و سیستەمی سیاسییەوە نییە. دیاردەی عورف و نەریت بەزۆری لە بۆنە نەتەوەیی، زەماوەند و شادییەکان، هەرەوەزی و هتددا خۆی دەبینێتەوە. ئەو دیاردەیە لە ڕابردوودا لە ژیانی سوننەتیی کۆمەڵگادا کە ژنان شان بە شانی پیاوان بەشداریی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان بوون، بە چڕی هەستی پێ دەکرا. ئەحزابی سیاسیی کوردستان کاریگەریی بەرچاویان لە سەر کۆمەڵگای کوردستان و پەروەردەی ژنان هەبووە. ڕاکێشانی هەزاران ژن بۆ کاری سیاسی و چەکداری، نموونەی چالاکیی ژنانە. ئەڵبەت ئەحزابی ڕۆژهەڵات، بەهۆی دووری و دابڕان لە کۆمەڵگا و هەروەها نەبوونی میدیای بەهێز، نەیانتوانیوە ببن بە وێژمانی سەرەکی. هەر کام لەو وێژمانگەلەی سەرەوە بۆ خۆی کەموکورتیی تایبەتی هەیە و ئەو کەمایەسییانە نەیانهێشتووە پەروەردەیەکی تەندرووست و سەردەمیانە، ئاراستەی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵات ببێتەوە. لە کوردستانی خۆرهەڵات سیستەمی ڕاهێنان و بارهێنان هەم بە زمانی نارەسەنی کۆمەڵگا (فارسی) یە و هەم لە ناوەرۆکیشدا هەڵگری بابەتی ئایدۆلۆژیکیی شێعەگەرییە. وێژمانی دەوڵەتی لە زۆربەی ڕەهەندەکانی کۆمەڵگادا وەک زمان و ئاخاوتن، جلوبەرگ و بەگشتی لەسەر بنچینە نەتەوەییەکانی کورد شوێنی نەرێنیی داناوە و دەزگای ڕاگەیاندن بەتوندی لە پشت هەموو چەواشەکارییەکاندایە. دۆخی پەروەردەی گشتی لە ئێران چەواشەکارانەیە و لە کوردستان دوو قات تێکدەرانەیە و بەتایبەتیتر لە سەر ژنان زیاتر کاریگەریی نەرێنی و نێگاتیڤی بووە. ژنان کە پارێزەری زمانی دایکین، زیاتر لە پیاوان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی فەرهەنگ و زمانی سەقەتی ناوەند.

یەکێ لە فاکتە گرنگ و هەستیارەکان کە لە سەر پەروەردەی ژناندا دەوری بەرچاو و براوەی هەیە، پرسی زمانە. ژنان لە قەوارەی زماندا پەروەردە ئەبن و هەتا زمان دەرەتانی پێشکەوتن و گەشەی ببێ، بێگومان ئاخێوەرانی پێش ئەکەون. لە ڕابردوودا بەهۆی زاڵبوونی بابەتە مەعنەوی و ئیخلاقییەکانەوە زمانیش لە ژێر کارتێکەری و هێژموونیی ئەو بابەتەدا، ڕەگەزایەتی کراوە. ڕەگەزایەتیبوونی زمان حەکایەتە لە دروستبوونی دوو جیهانبینیی جیاواز لە نێوان نێر و مێدا. بۆ نموونە، لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبیدا جێناوەکانی «She و He» و «هو و هی» سەلمێنەری ئەو وتەیەن

و تەنانــەت لــە شــێوەزاری هەورامیدا کە یەکێ لە شــێوەزارەکانی زمانی کوردییە، ئەو دیاردە ڕەگەزایەتییــەی زمان بەدی ئەکرێ. پەرەســەندنی دیــاردەی دین لــە جیهاندا و درێژەکێشــانی هێژموونییەکــەی هەتــا سەردەمی ســەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیا زەوینی و ماتریاڵیستییەکان لە سەدەی بیستەمدا وەک شێعر، گۆرانی، ڕۆمان، پەندی پێشینیان و ... هتدە. کاتێک زمان بە شــێوەی یەکلایەنە و بە قازانجی پیاوان ڕەگەزایەتی کراوە، ئیتر بە شێوەی خۆڕسک و بەردەوام ڕەگەزی مێ لە تەمەنی منداڵیدا دەخاتــە پەراوێزەوە و هەر ئــەو زمانە ئەبێتە هۆی ئەوە کە بۆشــایی لە نێوان ژن و پیاودا دروســت ببێ. بەردەوامی و بەرهەمهێنانەوەی دیاردەی پەراوێز خستن و توندوتیــژی لە دژی ژنان ســەرەتا لە نێو بازنەی زمانەوە دەســت پێــدەکا و تەنانەت ژنــان بۆ خۆیان لــە دژی ژنان ئــەو گورزە ڕەگەزایەتییەی زمان بەکار دێنن.

## میکانیــزم و ڕێکارەکانی پــەروەردەی نیشتمانی

پــەروەردەی ژنان پەروەردەیەکی هەســتیار و گرنگە و ئەگەر لە ســەر بنەما و شــێوازی کلاسیک و تەنانەت ئایدۆلۆژیک ژنان بخرێنە بەر پرۆســە و پەروەردەی نیشــتمانی، ئەوا ســەر لە نوێ، ئەکەونە نێو بازنەی پەروەردە و بیری پیاوســالاریی سەردەم. کاتێک باسی نیشتمان دێتە پێشــەوە، باسەکە بە شێوەی خۆڕســک پیاوڕەهەندانــە ئەبێتــەوە چونکە نیشتمان بریتییە لە جوغرافیایەکی دیاریکراو کە لە ســەر هەندێک بنەما و تایبەتمەندی وەک زمان، خاک، جوغرافیا، مێژوو، شانازییە مێژوویی و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و ... هتد چەقی بەســتووە. ئەو تایبەتمەندییانە ڕەگ و ڕیشەیان لە مێژوودایە و بە کورتی بەرهەمی پیاوسالارییە، هەر بۆیە ئەگەر ئاگادار نەبین، ســەرلەنوێ مێــژووی کۆمەڵایەتیمان (باش بووبێت یــان نا) دەرحەق بــە ژنان دووپات ئەبێتەوە. لــە لایەکی دیکەوە پــەروەردەی نیشتمانی، پەروەردەیەکی فەرمییە و هەم لە هەموو وڵاتانی جیهاندا ڕەچاو ئەکرێ و هەم پیاوان لە پەروەردەی نیشــتمانیدا بەشدارن، هــەر بۆیە پێویســتە ژنانیش لەو پرۆســەیە بێبــەش نەبــن. لێــرەدا ئەوەی پێویســتە، ســەبارەت بە پەروەردەی نیشتمانی ژنان لە ئیمرۆدا ئاوڕی لێ بدرێتەوە، دەخرێتە بەرچاو.

## زمانی نوێ

لە بابەت و چەمکە فێمێنیستییەکاندا زمانی نــوێ بریتییە لــە زمانێک کە لــە توخم و ڕەگەزەکانی پیاوســالاری پاکــژ کرابێتەوە و هەروەها بەشــی ژنانیشی تێدا ڕەچاو کرابێ. بەکورتی، زمان لــەو کاتەدا دەبێ ئاندرۆژنی کرابێــت و ژنان وەک پیاوان بەشــی خۆیان لە نێو قــەوارەی زماندا ببیننەوە. زمان وەک ڕۆحی نەتەوە و یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتــە و نیشــتمان، ڕۆڵــی گرنگــی لە پێوەندییەکان و گواســتنەوەی زانیارییەکانی نێــوان مرۆڤەکانــدا هەیــە. چارەســەریی توخمــە ڕەگەزایەتیکراوەکانــی دەروونیــی زمان، بەڕاســتی بەشــی هەرە زۆری کێشە دەروونــی، فیکــری و ئەخلاقییەکانــی پێوەندیــدار بــە ژنانەوە چارەســەر ئەکات. دەسپێک و سەرەتای چاکســازی لە زماندا بــە دیموکراتیک کردنی زمانە. کاتێک زمان دیموکراتیــک کرا، ئیتر دیــاردە مۆدێرن و پێشــکەوتنخواز و سەردەمییەکان لە بازنەی زمانــدا جێگیــر ئەبن و دەبنــە جێگرەوەی دیــاردەی نەریتی و پیاوســالارییە باوەکان. بەدیموکراتیک کردنی زمان، واتا نەهێشتنی دیاردە نهێنــی و باوەکانی وەک توندوتیژی، پۆرنۆگرافی و کەم نرخاندنی ژنان لە نێو وتە، ڕستە و دەستەواژەکاندا. دیموکراتیک کردنی زمان پێویســتی بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی درووست و ســەردەمیانە هەیە. زمانی نوێی

فێمێنیســـتی ئاوڕ لە هەموو چەمک و بابەتە فێمێنیستییەکان ئەداتەوە.

## ژن و ژینگە

زمانی نوێی فێمێنیستی بۆ ئەوەی کە گشتگیر بێ و بەردەوام لەگەڵ سەردەم، بەرۆژەڤ و نۆژەن ببێتەوە، دەبێ لەگەڵ ویژمانی زاڵ لە کۆمەڵگادا تێکەڵ ببێ و گەشەی پێ بدرێت. لە دنیای ئیمرۆدا لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەو جیهانــەدا بابەتی ژینگــە بابەتی زاڵ و جیهانییە. لە ڕاســتیدا زمانی مرۆڤایەتی بە لای ژینگەدا شــکاوەتەوە و زۆربەی بابەت و چەمکەکان ڕوو لــە کەمرەنگبوونەوە چوون و جێیان بۆ پرســی ژینگە خاڵــی کردووە. ژنان وەک نیوەی حەشــیمەتی سەر زەوی هــەم کاریگەرییان لە ســەر ژینگە هەیە و هەم لــە ڕابردوودا زیاتر لە پیاوان گرێدراوی ژینگە بــوون. بە درێژاییی مێــژوو، ژنان لە کاولکاریی ژینگەدا هیچ ڕۆڵێکی ســەرەکی و پێشــەنگانەیان نەبووە. شــەڕە گەورەکان سەرەرای ئەوەی لە سەر دەستی ژنان ئەنجام نــەدراوە، بەڵکو خەســارمەندی ســەرەکی، ژنان و منداڵان بــوون. ئێکۆفێمێنیزم وەک ڕەوتێکی پێشکەوتوو و ژینگەپارێزانەی ژنانە، بابەتگەلێکی هێنایە ئاراوە کە «ڕەوتی تێکدەرانە و ســەرمایەداریی پیاوسالارانەی ڕووبەڕووی تەنگــەژە ئەکردەوە.»(هەمــان ســەرچاوە ) لەو چــەن ســاڵەی دواییدا پرســی ژینگە (وشکەساڵی، لافاوەکان، پیسبوونی ئاو، هەوا و خاک، سووتانی دارستانەکان، سەرهەڵدانی نەخۆشینە گشــتگیر و جیهانییەکانی وەک کۆرۆنا و ... ) هۆکارگەلێکی ســەرەکی بوون بۆ زاڵبوونی ویژمانی ژینگە و دروووســتبوونی زمانی ژینگەیی. لە کوردستان لە مێژە زمانی کوردی بــە هۆکارگەلــی وەک جوغرافیای سرووشــتی و دۆخی ژیانــی کۆمەڵایەتی و بەشداریی ژنان و پیاوان لە دەرەوەی ناوماڵ و لە باوەشــی ژینگە، ڕەنگ و بۆنی زمانێکی ژینگەیی بە خــۆوە گرتووە. زمانی کوردی لایەنی ژینگەیی بەهێزە و گەشــەپێدان و بووژانەوەی ئەو بــوارەی زمانی کوردی، ئەم زمانە بەرەو زمانی هاوبەشــی ژنان و پیاوان و دیموکراتیک بــوون دەبات. زمانی کوردی پوتانســێل و توانســتی ئاندرۆژنــی کردنی هەیە و بووژانەوەیشــی لە دەســتی دەزگای دەسەڵات، نووسەران، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ئەحزابدایە. بۆ کوردســتانی ڕۆژهەڵات کە دەســەڵاتێکی ســەرکوتگەر وەک کۆماری ئیسلامی، کۆلۆنیی کردوە و هەموو مافەکانی سەرکوت و بەربەســت کردووە پەروەردەی نیشــتمانیی، لە نێــوان ڕێکخراوەکانی ژنان و منداڵپارێــزەکان، ئەحــزاب و ڕۆناکبیراندا دەستاودەســت دەبێتــەوە و ئاڵوگــۆڕی پێ دەکرێ. کاریگەریی ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرییانە لە سەر یەکتر بە جۆرێکە کە ئەتوانین بڵێین کە چالاکیــی ڕێخراوەکانی ناوخۆ هاوتەریب و هاوکوفــی ئەحزابی سیاســیین. یەکەمین هەنگاو بۆ دروســت کردنی بناخەیەکی پتەو بۆ پەروەردەی نیشــتمانیی ژنان، بە کوردی کردن(کوردیزە)ی هەمــوو چەمک و بابەتە پێوەندیدارەکانــی تایبەت بــە پەروەردەیە. هەنگاوی دووهەم ئەوەیە کە ڕێکخستنەکانی ژنان دەبێ لە ســەر واقیعــی کۆمەڵگا پێک بێن؛ بۆ نموونە لە کوردســتانی خۆرهەڵات، چەندین پێکهاتــە و کەمینەی ئاینی هەن، هەر بۆیە پێویســتە ئەو پێکهاتانە لە ســەر بنەمــای هزری خۆیان، بزاڤی فێمێنیســتی ڕێک بخەن بۆ نموونــە فێمێنیزمی ئایین و مەزهەبەکانی( یارســان، سوننە، شێعە و ،،،). ئەو ڕەوتگەلــە ئەگەر لە نــاو پێکهاتەیەکی گشــتیدا بە ناوی ژنانــی خۆرهەڵاتدا یەک بگرنــەوە، ئەوا هــەم ڕەنــگ و ڕوواڵەتێکی دێموکراتیک بەخۆوە دەگرێ و هەم ژنان لە ژێر چەتری بیروبڕوای ئایینی خۆیاندا بەرەو یەکگرتوویی، کرانەوە بەرووی جیهانی نوێ و دیموکراتیزاسیۆن دەڕۆن.